www.kurdistannet.org
17-10-2006 13:55بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# تورکیا لەنێوان تێزەکانی ئەتاتورک و، ویستەکانی ئەوروپادا... شاهۆتۆفیق




لە سەدا نەوەد و پێنجی خاکی تورکیا بە پایتەختەکەشیەوە ناکەوێتە کیشوەری ئەوروپاوە، کەواتە تورکیا وڵاتێکی ئەوروپی نییە.

ئەوەی سەرەوە، لێدوانی " فالێری جیسکار دیستان" ی سەرۆکی پێشووی فەرەنسا و، یەکێک لە دیارترین کەسە کە رۆڵی سەرەکیی لە نووسینی دەستووری ئەوروپادا هەیە.

ئەو لێدوانەی "دیستان" گۆتەیەکی ئاسان و سەرزارەکی نیە و، جگەلەوەی ئاماژەیەکە بە راستی! لە هەمانکاتیشدا بۆچوونی زۆرێک لە سیاسەتزانان و نێوەندە بڕیاربەدەستەکان و، بەشی زۆری دانیشتوانی ئەوروپایە.

ئەگەرچی تورکیا لە ناوەڕۆکدا، وڵاتێکی فرە نەتەوە و ئایین و مەزهەب و زمانە! بەڵام لە روکەشدا، نەتەوەی تورک و ئایینی ئیسلام و زمانی تورکی، سیما و ئەدگاری ئەم وڵاتەیان داپۆشیوە و بە شێوەیەکی رەها زاڵن، بەو شێوەیەش دەنگی هەموو پێکهاتەکانی تریان خەفەکردووە. کەچی لەگەڵ ئەوەشدا، ئەم پرۆسەی زاڵبوونە هەرگیز نەیتوانیوە کێشە ناوخۆییەکان بنبڕبکا و، لە چوارچێوەی سنوورێکی دیاریکراودا بیانهێڵێتەوە. بەڵکو هەمیشە هەڵاوسانی ئەو کێشانە بوونەتە هۆی درووستکردنی قەیرانی گەورەی ئابووری و سیاسی و سەربازی و کۆمەڵایەتی و، رێگری گەورە بوون لە بەردەم بەدیهێنانی خەونەکانی ئەو وڵاتەدا.

کۆماری تورکیا، میراتگری ئیمبراتۆریەتی عوسمانی و خەلافەتەکەیەتی. هەرچەندە لە رووی سیستمی حوکم و رووبەری جیوگرافیا و زۆرشتی ترەوە جیاوازن! بەڵام، زاڵکردنی زمان و رەگەزی تورک و، سڕینەوەی مۆرک و رووخساری ئەوانی تر، خاڵی هاوبەش و دیاری هەردوکیانە، ئەگەرچی شێوازەکانیش جیابن. لەویاندا بە بیانووی پاراستنی ئایین و موڵک و تەختی خەلافەتی موسوڵمانانەوە و، لەمیشیاندا بە بیانووی پاراستنی سیستمی عەلمانی و مۆدێرنیی وڵاتەوە.

لە راستیشدا نە دەوڵەتی عوسمانی ئەوسا، پارێزەری ئایین و هەڵگری تەواوی مانا ئایینیەکانی ئیسلام بوو! نە کۆماری تازەی ئێستەش خاوەنی سیستمێکی عەلمانی و پێشکەوتووی ئەوتۆیە کە ئاماژەی پێبکرێ.

مستەفاکەمال (ئەتاتورک)، ئەو ئەفسەرە هەڵگەڕاوەیەی کە لە دوایەمین خەلیفەی عوسمانیەکان یاخی بوو و دواجار بووە دامەزرێنەری کۆماری تورکیا و بە باوکی تورک ناسرا! زۆر هەوڵی بە عەلمانیکردنی تورکیای داو، بۆ نزیکبوونەوە لە رۆژئاوا، گەلێ لە پایە ئایینی و سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی رماند و، بە شێوازی نوێ و بە فۆرمی رۆژئاوایی دایرشتنەوە.

هەر لە گۆڕینی جۆری دەسەڵات و شێوازی بەڕێوەبردنی ئیدارەوە، تا گۆڕینی فۆرمی رێنووسی زمان بۆ لاتینی و پشووی هەینی بۆ یەکشەممە و تەنانەت جلوبەرگ و زۆر لە نەریتە کۆمەڵایەتیەکانی تر. ئەمە جگە لە هەڵتەکاندنی پایەکانی دەسەڵاتی ئایینی ئیسلام و، پەراوێزخستنیان لە بەڕێوەبردنی دەسەڵاتی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا، تائەو ئاستەی کە ئایینی ئیسلامی وەک سەرچاوەی دواکەوتن و نەزانینی گەلی تورک پێناسەدەکرد.

ئەگەرچی ئەتاتورک، لە زۆربەی ئەو گۆڕانکاریانەدا سەرکەوتنی بەدەستهێنا و توانی هەندێک لە بنەماکانی سیستمی عەلمانی بچەسپێنێ! بەڵام دواجار خۆی و بیروباوەڕەکانی بوونە سیمبولێک بۆ بە گژداچوونەوەی عەلمانیەت و، تا ئێستەش لەمپەرێکی گەورەن لە پێش بەدیموکراسیبوونی ئەو وڵاتەدا. دیارە یەکێک لە رێگرە سەرسەختەکانی عەلمانیەت، پرۆسەی بەپیرۆزکردنە (تقديس)، جا ئەو تقدیسکردنە بۆ بنەما ئایینی و مەزهەبیە نەگۆڕەکان بێت، یان بۆ ئایدۆلۆژیا و کەسانی سەرکردە و رابەر بێت، ئەمجامەکەی هەر وەک یەکە.

چونکە، دواجار ئەوە بنەما پیرۆزەکانن؛ لە دۆخێکی دۆگمادا قەتیسدەبن و، دەست لە هەموو کاروباری دەوڵەت و ئیدارە وەردەدەن و، رەوتی واڵاکردن ئیفلیج دەکەن. هەر بۆیە چەمکی عەلمانیەت (Secularism) سیکولاریزم) بە مەبەستی پەراوێزخستنیان و جیاکردنەوەیان لە کاروباری دەوڵەت، هەمیشە لە جەمسەری گۆڕاندایە. ئاشکراشە کاراکتەری ئەتاتورک و ئەفسوونی بیروباوەڕەکانی، هەتا ئەمڕۆش، تاکە سیمبولی پیرۆزن کە لەبەردەم هیچ سیمبۆلێکی تردا لە شکان نایەن، تەنانەت ئەگەر ئەو سیمبۆلە ئایینیش بێت.

هەربۆیە دەکرێ بڵێین، ئەتاتورک، توانی دەسەڵاتی ئایین بە سەر دەوڵەتەوە کەمبکاتەوە یانەیهێڵێت! بەڵام لە جێگەیدا خۆی و تێزەکانی بە دەوڵەتەوە نووسان و بوونە بزوێنەری دەسەڵات و، جیاکردنەوەیان ئەستەمە. ئیتر لێرەوە سەرەتای کێشەی وڵاتی تورکیا دەستپێدەکاو هەرچی هەوڵێک بۆ بەدیموکراسیبوون بدرێ! هەرزوو لە سەر دیواری بنەما پیرۆزەکانی مستەفاکەمال دەشکێ. ئەمەش بۆتە فۆبیایەکی زەق لە بەردەم سیاسەتزانانی ئەو وڵاتەدا، کاتێک پاشەڕۆژی وڵاتەکەیان دەکەوێتە لایەکی هاوکێشەکەوە و ئەتاتورک و تێزەکانیشی دەکەونە لاکەی ترەوە! ئیتر بۆ نەشکاندنی ئەو دیوارە پیرۆزە، ناچاردەبن لە بازنەی بەتاڵدا بخولێنەوە.

بچوکترین نموونەی ئەو پیرۆزکردنەش، فەرمانی ئەو دادگا تورکیەیە کە لەم دواییەدا بۆ زیندانیکردنی ئەفسەرێکی گەورەی سوپا دەریکرد. تەنها لەبەرئەوەی ئەفسەرەکە لە کاتی وەستان لە پێش پەیکەرێکی ئەتاتورکدا، بنێشتی لەدەمدا بووە و، واتا بەوکارەشی بێڕێزی بە سیستمی کۆماری و عەلمانیی وڵات کردووە!!!!!

جالێرەدا ئەو دیوارە گەورە و بڵندەی بۆ پاراستنی قودسیەتی دەمارگیری و نەتەوەخوازی و، سڕینەوەی مۆرکی کەسانیتر و سوککردنی دیموکراسیدا دروستکراوە، بەدەردەکەوێ. کەواتە جیاکردنەوەی دین لە دەوڵەت، مەرجی تاک و سەرەکی نیە بۆ دامەزراندنی سیستمی عەلمانی! بەڵکو جیاکردنەوە و نەهێشتنی کاریگەرییەکانی چەمک و ئایدۆلۆژیا و کەسەموقەددەسەکانیش، مەرجی گرنگن بۆ ئەوەی باس لە عەلمانیەت بکرێ.

بۆ وڵاتانی ئەوروپا کە هیچ شتێک لە دەرەوەی بازنەی رەخنەدا نییەو، بنەماو بیروباوەڕ و کەسە پیرۆزەکانیش، دەکەونە بەر نەشتەری رەخنە و هەندێجاریش رماندن! هەروا بەئەندامبوونی تورکیا لە ئەوروپادا شتێکی ئاسان نییە. ئەوەتا نووسەری ئەمریکی (دان براون) لە رۆمانی ( (کۆدەکانی داڤنشی) ) دا، کە پاشان کرا بە فیلم، بە ئاشکرا هێرش و رەخنەی خۆی ئاڕاستەی ئایینی مەسیحی و کەنیسە و، تەنانەت کەسایەتی مەسیح دەکاو، سەرەڕای نیگەرانیی زۆری فاتیکان؛ کەچی لە گەورەترین ڤیستیڤالی جیهانیدا لە "کان" نمایشدەکرێ و، بۆ نزیکەی پەنجا زمانی دنیا وەردەگێڕدرێ.

ئەگەر بەراوردێک لە نێوان بنێشت جوینی ئەفسەرەکەی بەردەم پەیکەری ئەتاتورک و، رەخنەکانی رۆمانەکەی "دان براون" دا بکرێ! ئەوسا بەدیاردەکەوێ، جیاکردنەوەی ئەتاتورک و تێزەکانی لە دەوڵەت و دەسەڵات، چەند ئەستەمە و، کۆکردنەوەشیان لەگەڵ دیموکراسی و، ویستە ئەوروپیەکاندا، چەند مەحاڵە! ئەوسا دەسەلمێ، ئەو کەسایەتیە؛ لەژێر خاکیشەوەو پاش چەندین ساڵ لە مردنی؛

هێشتاحوکمی وڵات دەکات. ئەی ئەگەر وانییە چۆن گەورەترین ڕێکەوتن و هاوپەیمانی لە نێوان (تورکیا و ئیسرائیل) دا، لەسەردەمی حوکمی نەجمەدین ئەربەکان وحیزبێکی ئیسلامیی وەک (حیزبی رفاه) دا دەکرێ؟

کەواتە تورکیایەک، کە بەکۆمەڵێ قەیرانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەوە دەناڵێنێ! کە بەهەزاران هێڵی سوور و سەدان سیمبۆلی پیرۆز و دەیان یاسای بڤە و تابۆوە، خۆی بکا بە ژووردا، چۆن پێی دەڵێن فەرموو!!!

وڵاتێکی ئاوها کە جگە لە پەیوەستبوون بە زمان و ڕەگەز و کەلتووری سەردەستەوە، پێناسەیەکی نەبێ بۆ چەمکی دەوڵەت! چۆن دەتوانێ لە نێو 25 زمان و ڕەگەز و کەلتووری جیاجیای ئەوروپیدا خۆی بگونجێنێ! وڵاتێک جگە لە سڕینەوەی خەسڵەتی ئەوانیتر و، زاڵکردنی سوپا و دەزگا ئەمنیەکان و لە قاڵبدانی ئازادی، هیچ پێناسەیەکی تری نەبێ بۆ دیموکراسی و پێکەوەژیان! چۆن دەتوانێ لە نێو دەریای پڕ لەجیاوازی و فرەزمان و ئازادیی تاک و کۆمەڵگەی مەدەنی و دیموکراسیی ئەو چوارچێوە نوێیەدا بژی!! وڵاتێک کە جیاوازی لە نێوان هەرێمێک و هەرێمێکیدا، لە نێوان هاووڵاتیەک و هاووڵاتیەکیدا؛ لەسەر بنەمای ڕەگەز و زمان و ئایین بکا! چۆن لەرووی دێ، خۆی بەو وڵاتانە بچوێنێ، کە تیایاندا هەموو کەس بۆی هەیە بە زمانی خۆی بدوێ و بە فەرهەنگی خۆی رەفتاربکاو، بە ئایینی خۆی پەرستن بکا.

تورکیا بۆ ئەوەی بتوانێ لەو کەش و هەوایەی ئەوروپادا بژی، پێویستە لەسەری لە چوارچێوەی 35 خاڵدا، دانووستان و گفتوگۆی جدی بکات، ئەوجا باس لەئەندامبوونی خۆی لە یەکێتی ئەوروپادا بکات. ئەمە جگەلەوەی لەسەریەتی، تەواوی پێوەرو بنەماکانی کۆپنهاگن1993، جێبەجێبکات، کە خۆی لە چەندین خاڵی گرنگ و سەرەکیدا دەبینێتەوەو، مەرجی بنەرەتین لە میانەی وەرگرتنی هەر ئەندامێکی نوێدا.

پاراستنی سەربەخۆیی کەرتەکانی دەوڵەت و سەروەریی یاسا و، فەراهەمکردنی دیموکراسی و مافی مرۆڤ و مافی کەمایەتیەکان، مەرجە رامیاریەکانن. هەبوونی ئابووریەکی بەهێز و سەقامگیر، کە بتوانێ لە ململانێی بازاڕی ئازاددا خۆڕاگربێت، مەرجی ئابووریە.

هەمواركردن و ئەنجامدانی ریفۆرم لە یاسا و داڕشتنە دادوەریەکاندا، بەو مەرجەی لەگەڵ یاسا ئەوروپیەکاندا بگونجێ؛ مەرجی یاساییە.

ئەو پەیوەستبوونانەش، کاری گەورەو ئیدارەی بەهێزیان دەوێ، تا چاکسازی لە هەندێ لایەندا و، هەڵتەکاندیش لە هەندێکی تریاندا بکات. بێگومان هێز و ئیرادەیەکی لەو جۆرەش تا ئەمساتە لە تورکیادا سەری هەڵنەداوە، یان باشترە بگوترێ ڕێگەی پێنەدراوە دەسەڵاتی هەبێ.

هەرچەندە لەوانەیە گروپ و ڕێکخراو، یان کەسانێک هەبن کە بیانەوێ هەندێک لە بنەما پیرۆز و هێڵەسوور و یاسا سەختەکانی ئەو وڵاتە بگۆڕن! بەڵام زاڵبوونی دەزگا سەربازی و ئەمنیەکان و، لە پشتی ئەوانیشەوە فشاری بیری ڕەگەزپەرستی و شۆڤێنیانەی نێوەندە باڵادەستەکان، ڕێگری گەورەن لە بەردەم ئەو گۆڕانکاریانەدا.

ئەوەتا لەدوا راپۆرتی یەکێتیی ئەوروپادا کە لەسەر تورکیا داویەتی، گلەیی لە نەبوون یان هێواشی ڕەوتی چاکسازی لەو وڵاتەدا دەکات. ئەمە جگە لەوەی چەند خاڵێکی گەورە هەن، کە تائێستەش ریگری سەرەکین لە دانووستانەکاندا و، تورکیا ئامادەنییە بەراشکاوی بەرجەستەیان بکا، وەک:

1- داننان بە قەڵاچۆکردنی زیاتر لە ملیۆن و نیوێک کەس، لە گەلی ئەرمەن لە ساڵی 1915 - 1917دا.

2- رازیبوون بە فراوانکردنی یەکیتی ئەوروپا و، داننان بە ئەندامێتی 10 وڵاتە نوییەکەدا، کە لەناویاندا " قوبروس" هەیەو، یەکێکە لە مەرجە سەرەکیەکانی یەکێتی ئەوروپا.

3- چارەکردنی ئاشتیانەی کێشەی کورد و، داننان بە هەبوونی زمان و فەرهەنگ و کەلتووری گەلێکی وا گەورەدا، ئەمە جگە لە کەمە نەتەوایەتی و ئایینی و مەزهەبیەکانی تر.

4- کەمکردنەوەی دەسەڵاتی رەهای سوپا و دەزگا ئەمنیەکان لەسەر شێوازی کارگێڕیی دەوڵەت و، رێگەدان بە گەشەکردنی کۆمەڵگەی مەدەنی و باڵاکردنی دیموکراسی، بەجۆرێک کە ئازادیە جۆراوجۆرەکان پارێزراوبن.

ئەمانەو گەلێ کێشە و گرفتی تر کە پێویستیان بە چاکسازیەو، بوونەتە لەمپەر بۆ تورکیا لە پێش دەروازەی یەکێتیی ئەوروپادا. ئەمە جگە لەوەی خودی دانیشتوانی ئەو وڵاتە، کە بەشی هەرەزۆریان موسوڵمانن، کێشەیەکی تری ئەو بوارەیە، بەتایبەت لەبەردەم ئەو تێزەدا کە دەڵێ: یەکێتیی ئەوروپا یانەیەکی مەسیحیە و، ئەندامێتی تورکیا، سەنگ و هەیبەتی ئەو یانەیە دەخاتە مەترسیەوە.

تورکیا پێی وایە هەندێک مەرجی جێبەجێکردووە کە یەکێتیی ئەوروپا پێی باشە بکرێ. وەک ریفۆرم لە بواری ئابووریدا، بە هەوڵدان بۆ بەرزکردنەوەی نرخی دراو لە لابردنی سفرەکاندا و، پشتگیریکردنی کەرتی تایبەت و، کردنەوەی بازاڕی ئازاد بە رووی کاڵا دەرەکیەکاندا. لە رووی سیاسی و کۆمەڵایەتی و یاساییشەوە، بە راگرتنی فەرمانی سزای سێدارە و، رێگەدان بە هەندێ ناوەندی کەلتوری و فەرهەنگیی کوردی و، چەند کاتژمێرێک کردنەوەی ئێزگەی گۆرانی، هەروەها هەموارکردن لە چەند یاسایەکی تایبەت بە مافی ژناندا.

خۆ ئەگەر ریالستیانە سەیری ئەو ریفۆرمانە بکرێ! دەبینرێ جگەلەوەی شتی زۆر گەورەنین، لە هەمانکاتدا هەموویان مافی رەوای هاووڵاتیانن و دەبێ وەک سروشت لە گشت وڵاتێکی خۆ بەدیموکراسیخوازدا هەبن و، پێویست ناکا لە ژێر باری فشاردا ئەنجامبدرێن، بەڵکو دەبی هەڵقوڵاوی ناخی دەسەڵات بن، بۆ ئەوەی سروشتیانە لەگەڵ چوارچێوە نوێیەکەدا بگونجێن.

لیرەوە لێدوانێکی " جاک شیراک " ی سەرۆکی فەرەنسا دێتە پێش کە دەڵێ: " تورکیا بۆ ئەوەی بتوانێ ببێتە ئەندامی یەکێتیی ئەوروپا، پێویستە بە شۆڕشێکی گەورەی رۆشنبیریدا تێپەڕێ". مەغزای ئەو لێدوانەی شیراک، گومانکردنە لە راستی و نیازپاکیی ریفۆرماکانی ئەو وڵاتە.

کەواتە زۆربەی ئەوروپییەکان دودڵن لە گونجاندنی رەوتی کەلتووری و کۆمەڵایەتی و دیموکراسی لە گەڵ تورکیادا و، هەر لەو روانگەیەشەوە بۆی دەڕوانن. ئەمەش لەگەڵ روانینی بریتانیا و ئەمریکادا یەکناگرێتەوە، کە پێیان باشە تورکیا ببێتە ئەندامی یەکێتیی ئەوروپا. بێگومان ئەوەش هەڵوێستێکی سیاسیانەیە زیاترلەوەی گوزارشت بێت لەبوون. باتایبەت لای ئەمریکا، کە پێی وایە بەئەندامبوونی تورکیا خاڵێکی گرنگە بۆ لاوازبوون و کاڵبوونەوەی رۆڵی ئەوروپییەکان لە ململانێ جیهانیەکاندا. لەبەرئەوەی وڵاتێکی ئاوها کە زیاتر لە 70 ملیۆن دانیشتوانی هەیە و لەسەدا نەوەد بەرەوژووری بە ئایین موسوڵمانن، کێشەی گەورە درووستدەکات، ئەمە جگەلەوەی لێشاوێکی بێکاریی بەهێز روو لەو وڵاتانە دەکاو، بەوەش بەلانسی ئەوروپییەکان لە هاوکێشەی ململانێ ئابووریەکان بەرانبەر ئەمریکا لاواز دەکات. سەرەڕای ئەوەش، تورکیا ئەندامی پەیمانی ناتۆیە و، دەتوانێ ئەو هاوپەیمانییە سەربازیە لە هاوکێشە سیاسیەکانی ئەوروپادا؛ لە قازانجی ئەمریکا بەکاربهێنێ.

مەرجی سەرەکی لە میکانیزمی کۆکردنەوەی وڵاتانی ئەوروپا، لە یەکێتیەکی بەهێز و پتەودا؛ سیستیمی کەلتووری و کۆمەڵایەتی و دیموکراسیە. واتا، ئەگەر ئەو وڵاتانە لەو خاڵانەدا هاوبەش نەبوونایە؛ سیاسەت هەرگیز نەیدەتوانی پێکەوە لە یەک چوارچێوەدا کۆیانبکاتەوە. نموونەش، روداوی ریفراندۆمەکەی پرۆژەی دەستووری ئەوروپا بوو، کە دانیشتوانی فرنسا و هۆڵەندا؛ بە وشەی ( (نا) )

دەنگیان بۆ دا. هۆی سەرەکیی ئەو " نا "یەش هەندێ بەند بوو، کە لەگەڵ سیستیمی کۆمەڵایەتیی دانیشتوانی ئەو وڵاتانەدا نەدەگونجا، ئەگەرچی دەسەڵاتە سیاسیەکانیش زۆر هەوڵی سەرخستنیاندا.

کەواتە ئەم تەرزەیە تورکیای خستۆتە قەیرانێکی هەمیشەییەوە، بەوەی کە ناتوانێ لە رەوتی بەرەوپێشچوونی شەپۆلەکانی عەلمانیەتدا بگوزەرێ. چونکە ئەوە بنەما پیرۆزەکانی ئەتاتورکن، هەمیشە نوێبوونەوە و گۆڕران قبوڵناکەن و پێیان وایە چەمکی عەلمانیەت تەنها بەواتای سەرکوتکردنی ئایین و، دەرچوون لە نەریتی کۆن و، لاساییکردنەوەی رۆژئاوا دێت. لە کاتێکدا ئەو بۆچوونە هەرگیز لە گەڵ مانا زانستیەکانی ئەو سیستمەدا یەکناگرێتەوە. چونکە عەلمانیەت، لە وڵاتانی ئەوروپادا بەر لەهەموو شتێک، بە پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و رۆشنبیریی گەورەدا تێپەڕیوە و، جیاکردنەوەی دین لە دەوڵەت؛ هەرگیز بۆ سوککردن و خنکاندنی دین نەبووە! بەڵکو بۆ گەڕاندنەوەی دین بووە بۆ ناو کۆمەڵگەی مەدەنی و، پاشان سپاردنەوەی ئەرکە کۆمەڵایەتیەکان پێی.

ئەم دابڕان و وێناکردنەی تورکیا، کە بۆ راڤەکردنی عەلمانیەت هەیبووە و هەیەتی! وایکردووە پاش زیاتر لە 80 ساڵ، لە دوای تێزەکانی ئەتاتورکەوە دیسان شەپۆلی حیزبە ئیسلامیەکان بێنەوە هەژان و بگەنەوە هەرەمی دەسەڵات، ئەمەش بۆخۆی شکستهێنانی ئەو تێزانەیە کە سیستمی کۆمارەکەی پێدامەزرا. هەروەها لەسەرێکی تریشەوە نەتوانینی ئەو حیزبە ئیسلامیانە لە روخاندنی دیواری ئەو تێزانەدا، شکستێکی تری ئەوانە. بەوپێیەش ململانێی نێوان ئیرادە ناوخۆییەکان، لەوە گەورەترن بتوانن لە ململانێ دەرەکیەکاندا چالاک بن و، تورکیا وەک نموونەیەکی رۆژهەڵاتی و ئیسلامیی پێشکەوتوو و میانڕەو نیشانبدەن.

کەواتە دواجار تورکیا بۆ ئەوەی خۆی بە ئەوروپا و جیهانی سەردەمەوە ببەستێتەوە! پێویستە بیرە ناسیۆنالیستە شکێنەرەکانی و رەوشتە تۆتالیتاریستە دڕندەکانی بگۆڕێ و، لە جێگەیاندا مافی گشتی و مافی مرۆڤ و دیموکراسی پیادەبکاو، بە گوتارێکی سیاسیی نوێ مامەڵە لە گەڵ پیشهاتە ناوخۆیی و دەرەکیەکاندا بکا. تا وڵاتێکی وەک فرنسا ناچار نەبێ، بۆ داکۆکیکردن لە ئەرمەنەکان، یاسایەک دەربکا، کە تێکڕای ناوەندە تورکەکان راپسکێنێ. یان ئەکادیمیای سویدی بۆ خەڵاتی نۆبڵ؛ رۆماننووسێکی وەک (ئۆرهان بامۆک) کە جگە لە داهێنانە ئەدەبیەکانی، لەسەر هەڵوێستە دەگمەنەکانیشی، لەبارەی کورد و ئەرمەنەوە ئافەرین بکا و، بەوەش لە تورکەکانی بگەیەنن، کە بیری لیبرالی و یەکسانیی کۆمەڵایەتی؛ هەڕەشە نین بۆ سەر نەتەوە و دەوڵەت و ئایین و، باشترین رێگەن بۆ پێکەوە ژیان.

shahoo@hotmail. de